کۆنووسی کۆبوونەوەی پسپۆڕانی لیژنەی ماتماتیک

لە ڕێکەوتی 2009/10/04 لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» بەشی سێهەم تایبەت بە وانەکان، پاش وردبوونەوە و بەراورد لە نێوان کتێبی ناوبراو و مەنهەجی وەزارەتی پەروەردەدا، داواکارییە بنەڕەتییەکانمان بەپێی ئاستەکان لە هاوپێچەی ئەم نامەیەدا دیاری کردوە بۆ پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە واژۆمان کردوە.

| ژ | ناو | پەروەردە | واژۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | قادر عوسمان عەبدوڵڵا | مەخموور | |
| 2 | مەهدی محێدین محەمەدئەمین | مێرگەسور | |
| 3 | شێرزاد مستەفا ئەحمەد | هەولێر | |
| 4 | عەبدوڵڵا مەحمود ڕەشید | هەولێر | |
| 5 | خالید حاجی مەغدید | کۆیێ | |
| 6 | عەلی سێوە محەمەد | ڕانیە | |
| 7 | خەیروڵڵا تەها مەعرووف | قەڵادزێ | |
| 8 | عادل عەویز عەولا | ڕەواندز | |
| 9 | محەمەد غەفور بەکر | هەولێر | |

## پـۆلـی یـەکـەم

1. خوێندنەوە و نووسینی ژمارەکان تا 99
2. کۆکردنەوە و لێدەرکردن ژمارەی یەک رەنووس
3. بەراوردکردن و ڕیزکردنی ژمارەکان
4. بەراورکردن لە نێوان درێژیەکان
5. ناسینی دراوەکان بە شێوەیەکی سادە
6. ئەندازە لە ناسینی تەنەکان و شێوە ئەندازییەکان
7. کەرتەکان ½ ، ¼
8. ناسینی کاتژمێر
9. کۆکردنەوە و لێدەرکردنی دوو ژمارەی دوو ڕەنووسی

## پـۆلـی دووەم

1. خوێندنەوە و نووسینی ژمارەکان تا 1000
2. کۆکردنەوە و لێدەرکردن ژمارەی سێ ڕەنووس
3. ناسینی تەنەکان و شێوە ئەندازیی یەکان بەپێی لایەکان و سەرەکان
4. ناسینی سانتیمەتر، مەتر، لەگەڵ پێوانەی کێشەکان
5. ناسینی کەرتەکان 2/3 ، 3/4 و بەراوردکردنی کەرتەکان
6. ناسینی ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی
7. لێکدان لە 2، 5، 10

پۆلی سێیەم

1. ژمارەکانی هەزاران و دەیانی هەزاران
2. بەراورد کردن و ڕیزکردن و نزیک کردنەوەی ژمارەکان
3. گۆڕینی دراوەکان
4. هەژمارکردنی کات
5. لێکدان و ڕاستیەکانی لێکدان
6. دابەش و ڕاستیەکانی دابەش
7. چارەسەرکردنی پێدراوەکان (خوێندنەوە و درووست کردنی ستونەکان)
8. ئەندازە (ناسینی گۆشەکان و پارچە ڕاستەهێڵەکان)
9. پێوان (درێژی، چێوەفروانی، کێش)
10. ناسینی کەرتەکان و دەییەکان ( هاوتا بوون، بەراوردکردن، و ڕیزکردن) کەرتەکان
11. کۆکردنەوە و لێدەرکردنی کەرتە ژێر یەکسانەکان
12. لێکدان لە ژمارەیەکی یەک ڕەنووسی
13. دابەش کردنی بەسەر ژمارەیەکی یەک ڕەنووسی

2009.10.04

کۆنووسی کۆبوونەوەی پسپۆڕانی لیژنەی ئینگلیزی

لە ڕێکەوتی 04-2009.10.05 لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» بەشی سێهەم تایبەت بە وانەکان، پاش وردبوونەوە و بەراورد لە نێوان کتێبی ناوبراو و مەنهەجی وەزارەتی پەروەردەدا، داواکارییە بنەڕەتییەکانمان پەسەند کرد بۆ ئاستی سەرەتا بۆ پۆلەکانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بۆ وانەی ئینگلیزی بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە واژۆمان کردوە.

تێبینی، هاوپێچەی ئەم نامەیە چەند سەرنجێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبەکە.

| ژ | ناو | پەروەردە | واژۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | اومید تەها محەمەد | ڕواندز | |
| 2 | ژیان عوسمان خورشید | مێرگەسۆر | |
| 3 | نەجیب جەمیل ئەحمەد | سۆران | |
| 4 | سەیران ڕەفیق عەبدولکەریم | کۆیێ | |
| 5 | ئەسوەد زاهیر ئیبراهیم | کۆیێ | |

پۆلی یەکەم

1- فێربوونی ئەلف و بێی ئینگلیزی بە شێوەی دەنگ، تەنها پیتە بچووکەکان واتە«Small letter»
2- فێربوونی چەند ووشەیەک کە سەرەتاکەی بەو پیتانە دەستی پێکردبێ لەگەڵ ناوی ئەو شتانەی دەوروبەریەتی.
3- فێربوونی ژمارە لە «1 تا 10» خوێندنەوە و نووسین
4- فێربوونی ڕەنگە سەرەکییەکان
5- دارشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، ....هتد»

پۆلی دووەم:

1- فێربوونی ئەلف و بێی ئینگلیزی بە شێوەی «گچکە و گەورە» بە دەنگ و ناو
a- Small letter cases
b- Capital letter cases and the letter names «خوێندنەوەو نوسین»
2- زیاد کردنی چەند وشەیەک کە مەوداکەی فراوانتر بێت، لە پۆلی یەکەم، وە سەرەتای وشەکان بە پیتەکان دەست پێبکات
3- فێربوونی ژمارە لە «11 تا 20» خوێندنەوە و نووسین
4- فێربوونی ڕەنگەکان بەشێوەیەکی فراوانتر لە پۆلی یەکەم
5- فێرکردنی چەند ڕستەیەکی کوورت بەشێوەی ڕێزمانی کە پرسیار و وەڵام دروست بکات، بە شێوەیەکی سادە و ساکار، خوێندنەوەو نووسین.
6- دارشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، ....هتد» بە نووسین.
«Picture, Story, Songs, Games, Chant….etc»

پۆلی سێیەم:-

1- سەرەتای کتێبەکە پێداچوونەوە بێت بۆ سەرجەم برگە و بابەتەکانیساڵی پێشوو.
2- زیاد کردنی ووشەی نوێ فرەوانتر.
3- فێربوونی ژمارە لە «20 تا 100» بە خوێندنەوە و نووسین.
4- فێربوونی ڕستەی ڕێزمانی بەشێوەی گفتوگۆ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاریان بهێنێت.
5- فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی «پیت، وشە، ڕستەی کورت».
6- دارشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، وێنە، وە زیاد کردنی حونجە کردنی چەند وشەیەک» Spelling, Pronunciation
7- دانانی چەند چالاکییەک کە هاندەربن بۆ فێربوونی زیاتر ڕوونتر.
8- بوونی چەند ڕستەیەکی بە نرخ، وەک پەند «لە ژێرەوەی چەند لاپەڕەیەک»

کۆنووسی کۆبوونەوەی پسپۆڕانی لیژنەی زانست

لە ڕێکەوتی 2009/10/04 لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» بەشی سێهەم تایبەت بە وانەکان، پاش وردبوونەوە و بەراورد لە نێوان کتێبی ناوبراو و مەنهەجی وەزارەتی پەروەردەدا، داواکارییە بنەڕەتییەکانمان بەپێی ئاستەکان لە هاوپێچەی ئەم نامەیەدا دیاری کردوە بۆ پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بۆ وانەی زانست، بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە واژۆمان کردوە.

| ژ | ناو | پەروەردە | واژۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | ناصح سابر مەولوود | هەولێر | |
| 2 | فەیزوڵڵا فەتحوڵڵا تەیب | کۆیێ | |
| 3 | ئارام عەزیز عەلی | مەخموور | |
| 4 | عەباس برایم شێخە | هەولێر | |
| 5 | محەمەد عومەر خەلیل | هەولێر | |
| 6 | فەیزوڵڵا سەعید فەقێ | ڕانیە | |
| 7 | عومەر حەمە حەمە عەزیز | قەڵادزێ | |
| 8 | بەلقیس قادر خزر | هەولێر | |

# پلانی فێرکاری

# گرووپی زانست

2009.10.04

| ژ | پۆل | بابەتەکان |
| --- | --- | --- |
| | یەکەم | o زانستە زیندەییەکان<br>- ناسینەوەی زیندوو و نازیندوو<br>o زانستەکانی زەوی<br>- پێکهاتەکانی زەوی<br>- کەش و هەوا<br>o زانستە فیزیاییەکان<br>- ناسینەوەی ماددەکان<br>- هێز و جوڵە<br>o بەشی کیمیا<br>- تاموچێژ<br>o دروستیمان<br>- بایەخدان بە لەشمان و ئەندامەکانی<br>o ژینگە پارێزی<br>- فێرکردنی فێرخوازان بە پاراستنی ژینگەی ماڵ و فێرگە و گەڕەک |

**گرووپی زانست**

**پلانی فێرکاری**

2009.10.04

| ژ | پۆل | بابەتەکان |
|---|---|---|
| | دووەم | o زانستە زیندەییەکان<br>- ڕوخسارەکانی ژیانی زیندەوەران<br>- شتە زیندووەکان پێکەوە دەژین<br>o زانستەکانی زەوی<br>- سەرچاوەکانی زەوی<br>- ئاسمان و کەش<br>o زانستە فیزیاییەکان<br>- دۆزینەوەی مادده<br>- وزە و جووڵە<br>o بەشی کیمیا<br>- گۆڕانەکانی مادده<br>o دروستیمان<br>- بایەخدان بە لەشساخی و کۆئەندامەکان<br>o ژینگە چییە؟<br>- فێرکردنی فێرخوازان لەسەر ناشتنی نەما و بە ناو کردنی بە ناوی خۆیانەوە. |

**گرووپی زانست**

**پلانی فێرکاری**

**2009.10.04**

| ژ | پۆل | بابەتەکان |
|---|---|---|
| | سێیەم | o زانستە زیندەییەکان<br>- جۆرەکانی ڕووەک و گیانەوەر<br>- ڕووەک و گیانەوەر کار لە یەکتر دەکەن<br>o زانستەکانی زەوی<br>- ڕووی زەوی<br>- سووڕەکانی سەرزەوی و بۆشایی ئاسمان<br>o زانستە فیزیاییەکان<br>- دۆزینەوەی مادده و دۆخەکانی<br>- دۆزینەوەی وزە و هێز<br>o بەشی کیمیا<br>- گۆڕانەکانی مادده<br>o دروستیمان<br>- فریاگوزارییە سەرەتاییەکان<br>- خواردنی خۆراکی باش و دروست وە ئامادە کردنی<br>o ژینگە<br>- ژینگەو جۆرەکانی<br>- چۆن ژینگە دەپارێزین<br>- هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە |

کۆنووسی کۆبوونەوەی پسپۆڕانی لیژنەی کوردی

لە ڕێکەوتی 04-2009.10.05 لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» بەشی سێهەم تایبەت بە وانەکان، پاش وردبوونەوە و بەراورد لە نێوان کتێبی ناوبراو و مەنهەجی وەزارەتی پەروەردەدا، داواکارییە بنەڕەتییەکانمان پەسەند کرد بۆ ئاستی سەرەتا بۆ پۆلەکانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بۆ وانەی کوردی بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە واژۆمان کردوە.

تێبینی، هاوپێچەی ئەم نامەیە چەند سەرنجێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبەکە.

| ژ | ناو | پەروەردە | واژۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | محەمەد ڕەسوڵ پیرۆت | ڕانیە | |
| 2 | عەبدوڵلا محەمەد خاڵە | ڕانیە | |
| 3 | عەلی حەسەن وسێن | قەڵادزێ | |
| 4 | ئاری عەباس حەمە سەعید | قەڵادزێ | |
| 5 | گەلاوێژ ئەحمەد زینۆ | هەولێر | |
| 6 | ژیان عەبدولا ئەحمەد | مەخموور | |
| 7 | عەبدولخالق نوری عەبدوڵلا | مەخموور | |
| 8 | ئەحمەد حەمەد چیچۆ | مێرگە سور | |
| 9 | عەبدولا حەسەن کانەبی | هەولێر | |
| 10 | عارەب حەمەد داود | هەولێر | |
| 11 | خەسرۆ حەسەن عەلی | هەولێر | |
| 12 | حەکیم عەبدولقادر نەبی | مێرگەسۆر | |
| 13 | عومەر مەحمود حسێن | ڕانیە | |
| 14 | ئازاد عەبدولا حاجی مەلا | کۆیێ | |
| 15 | عەزیز سەعید مەلا حاجی | سۆران | |

ئامانج لە وانەی کوردی لە پۆلەکانی 1 تا 3

- دەبێت منداڵ پیتەکان بناسێت «ئەلفوبێ»
- دەبێت منداڵ، دەنگی پیتەکان فێر بێت «دەنگەکان»
- لاسای کردنەوە، گوتنەوەی پیتەکان
- گوێگرتن و بیستنی چیرۆکی فۆلکلۆری، داستان و ئەفسانەی سادە و خۆشیهێن.
- گەمە و گۆرانی فۆلکلۆری بۆ منداڵ،
- فێربوونی نووسینی سادە لە کۆتای ئاستەکەدا.

چەند سەرنج و بۆچونێک

1. لە لاپەڕە 83 دا، خاڵی یەکەم دەبێت منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکات و شارەزایی لێ پەیدا بکات.
2. لە ئاستی 1 بۆ 3 دەبێت منداڵ پیت فێر ببێت، بە دەنگ و نووسینەوە وە بڕگەی لێ دروست بکات، لەپاشان فێری خوێندنەوەی «بێدەنگ» بێت وە هەروەها پیتەکان لە وشەی دروست کردندا بەکار بێنێت.
3. گرنگیدان بە شێوازی چۆنێتی نوسینی پیتەکانی زمانی کوردی بە دیاری کردنی خاڵی سەرەتا و کۆتا لە وێنا کردنی پیتەکان بۆ فێرخوازان
4. مامۆستا ئازادە لە دانانی پلان لە فێرگەدا، بۆ ئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندی ناوچەکە بکات، وە دەکریت لایەنە باشەکانی ئەم پلانە بگوازرێتەوە، بۆ فێرگەکانی تر بە مەرجێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکان بگونجێ
5. بەڕێوەبەری شارەزا لەو پسپۆڕیەدا سوود لە تواناکانی وەردەگیرێت بۆ دەوڵەمەند کردنی دانانی پلان و وە وێنەیەک لە پلانەکە بدرێت بە کارگێریی فێرگەکە.
6. بەهێز کردنی دەربڕینی زارەکی لەگەڵ ڕەچاو کردنی هەموو لایەنە پەروەردەیی و جڤاکییەکانی ئاخاوتن.
7. نەرموو نیان و ئارامی و سنگ فراوانی مامۆستا وا لە فێرخواز دەکات کە سەرنج ڕاکێشێ بۆ بابەتەکە، چونکە ئەم تایبەتمەندیانە خۆشی لە دڵی منداڵدا دەڕوێنێ، حەزی فێربوونی زیاد دەکات.
8. زمان و کولتور دوو چەمکی لێکدانەبڕاون، مامۆستا لە دانانی لۆکاڵ پلان و وتنەوەی وانەکەدا سوود لە کولتووری گەلەکەی وەربگرێت و لەگەڵ ڕەچاو کردنی کولتورە کۆنەکانیش.
9. بتوانێ لە پیتەکان بڕگە و لە بڕگە وشەو لە وشە ڕستە دروست بکات
10. لە بەر هەبوونی شێوەزاری جیاواز لە کوردستاندا کە هەندێ کێشە بۆ نووسین دروست دەکات، پێشنیاز دەکەین کە «کۆڕی زانیاری کوردی» دەست بەکار بێت و پەلە بکات لە جێگیر کردنی زمانی ستانداردی کوردی.